## گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لە هەندەران

# بابە بیگۆڕە ...

باب و کچ لەناو شەمەندەفەر دانیشتبوون شوێنەکە واهەڵکەوتبوو چوار کورسیی هەردووانی بەرامبەر دوانەکەی تر بوو ، کچە چاوی کرابۆوە بەڵام لەناو دالغەی خۆی هەڵکشابوو قسەی خۆمان بێ لەنێو دووکەوانە " ناتوانی بزانی بیری لەچی دەکردەوە ! " بەڵام وا بێ ئاگا لەدەوروبەر وەک ئەوەی لەم دنیایە نەبێ و چووبێتە دنیایەکی تر . لەوێستگەی دوو دەقەیی وەستانی شەمەندەفەرەکە هەندێ خەڵک دابەزین و کوڕ و کچێکی گەنجی بیانی لەم دەرگایەوە سەرکەوتن ، هاتنە سەر هەردوو کورسیەکەی بەرامبەریان دانیشتن هەر وەک دیاردەیەکی ڕاستوایی بەرجەستە باوە و یاساغ نی یە لەوێ دیسانەوە دەستیان کردە مل و ناو دەمی یەکتریان دەمژی ! وەک بروسکەلێیدا کچە ڕاچەنی و پەلە وتی : بابە بیگۆڕە . وای هەست کرد لەماڵەوەیە و لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشتون بانگەشەی فلیمێکی سێکسی هات .. هەموو جارێ باوکی چرک بە کۆنترۆلەکە کەناڵەکە دەگۆڕێ .

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com